# ته سليمه نهسرين هەرگيز بێ دەنگ نابيت!

وەرگيرانی له فرنسيەوە
هوشيار قادر

ته سليمه نهسرين ی ٤٢ سال ، ماندوو نهناسيكی لی براوو خهباتكاری ريگای رزگاری ئافرەتان له ووتوويژيدا لهگەل رۆژنامەی [ لۆ ڤيگارۆ] ی فرەنسی دەلێ { ئافرەتان چەوساوەن به دەست هەموو دينەكانەوە ، له ناويشيان دا دينی ئيسلام ، به دەوری خۆم هيرش دە كەمه سەر ئيسلام بەتايبەتی ، چونكه له خيزانيكی موسلمان له دايک بووم وله وولاتيک ژياووم كه شەريعەتی ئيسلامی جی به جی كردووه و لەگەل ئەم چەوسانەوەو بێ مافی يەدا دەست و پەنجەم نەرم كردووە}.

ته سليمه رەخنەی توندی خۆی له ئيسلام دەگريت و دەلی : ئاينی ئيسلام پيچەوانەيه لەگەل ماف و خواست و ئارەزووەكانی ئينسان ، له قورئان دا ئافرەتان بەرخورديان لەگەل ناكريت وەک و ئينسانيک بەلكو كەمتر له ئينسانيک و به چاويكی نزم و وەک وجيهازيكی سيكسی سەيريان دەكريت، ئافرەتان مەحكوم كراون بەم كۆيلەتی يه، كه زياتر له ١٤ سەدە بەر له ئيستا له ئايەتەكانی قورئان دا نوسراوە.

ژنه نووسەری بەنگلاديشی تەسليمه بۆ ماوەی ١٠ سال دەبيت له نيوان ستۆكهۆلم و كلكۆتا و نيۆيۆرک ژيان بەسەر دەبات.

---

ئەم بابەته له رۆژنامەی LA LIBERTE فرەنسی زبانی سويسريەوە كه رۆژی سی شەممە ٢٢ی مارس ی ٢٠٠٥ دەرچووە وەرگيراوە.